ژمارە: ٥٩٦
ڕێکەوت: ٢١/ ئەزرۆن/ ٢٧٢٢ ی کوردی

العدد:
التاريخ: ٢١/ ٤ / ٢٠٢٢

## بۆ/ گشت ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان

## ب/ چۆنیەتی داخستنی ئارەزومەندانەی

## لقی ڕێکخراوی عێراقی و بیانی

لەسەر گشت ڕێکخراوە ناحکومییە عێراقی و بیانییەکان( ئەوانەی ئارەزووی داخستنی لقی ڕێکخراوەکەیان دەکەن) پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە جێبەجێبکەن:

١- پێشکەشکردنی داواکاریەکی فەرمی (نوسراو) ئارەزومەندانە لە کلێشەی ڕێکخراو و بە مۆری ڕێکخراو و واژووی زیندوی سەرۆکی ڕێکخراو بۆ فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان کە تیایدا داوای داخستنی ئارەزومەندانەی لقی ڕێکخراوەکەیان بکەن لە هەرێمی کوردستان.

٢- پێشکەشکردنی بڕیاری داخستنی لقی ڕێکخراو لە هەرێمی کوردستان بە ئارەزوومەندانە لەلایەن ڕێکخراوی دایک بە مۆر و واژووی ڕێکخراوی دایک بۆ فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان بە پەسەندکراوی لە بەغدای یان لە وڵاتی بیانی و هاپێچ کردنی لەگەڵ نوسراوی ئاماژە پێکراو لە خاڵی یەکدا.

٣- گەڕاندنەوەی بڕوانامەی ڕەسەن، بڕیاری کارگێڕی ڕەسەن و مۆری ڕێکخراو بۆ فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، لەکاتی نەمانی یان وونبوونی هەریەک لەم بەڵگانەی سەرەوە ڕێکخراوی ناوبراو دەبێت نوسراو لە پۆلیسی وونبووەکان پێشکەش بە فەرمانگە بکات بۆ ئەوەی بە بڕیاری دادگا بیسەلمێنیت کە وونبووە.

٤- داخستنی هەژماری بانکی تایبەت بە ڕێکخراوەکە و پێشکەش کردنی بەڵگەی داخستنی هەژمارەکە و هاوپێچکردنی لەگەڵ نوسراوی ئاماژاپێکراو لە خاڵی یەکەم، هەروەها ئاماژە بکەن بە هەبوونی داهاتی دراو لە هەژماری بانکی یاخود ڕێکخراو لە ئەگەری هەبونی دراو پێویستە هەمان مەرجەکانی خاڵی پێنجەم و شەشەم جێبەجێ بکرێت.

٥- گەڕاندنەوەی گشت کەل و پەلەکانی (هەبووەکان) ڕێکخراو( مێز، کورسی، کۆمپیتەر، لاپتۆپ، مۆبایل، گەرمکەرەوە، فێنککەرەوە، بەفرگر ...هتد) بۆ فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان یان بەخشینیان بە ڕێکخراوێکی هاوپیشە لە هەرێمی کوردستان، لە حاڵەتی بەخشین دەبێت بە نوسراوی فەرمی ڕێکخراو تیایدا ئاماژە بە جۆر و ژمارەی گشت بەخشراوەکان کرابێت و لەلایەن ڕێکخراوی بەخشەر و وەرگر مۆر و واژووی زیندوو کرابێت، دەبێت ڕێکخراوی بەخشەر دڵنیابێت کە ڕێکخراوی وەرگر لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆمار کراوە و ڕێکارە یاساییەکانی ئەنجامداوە ئەمەش دوای پشت ڕاستکردنەوەی لە فەرمانگەکەمان بەر لە بەخشین.

حكومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان
بەڕێوبەرایەتی یاسایی

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
رئاسه الديوان
دائرة المنظمات غير الحكومية
مديرية القانونية

ژمارە: ٥٩٦
ڕێکەوت:٢٢/ ئەرزو /٢٧٢٢ ی کوردی

العدد:
التاريخ: ١١/ ٤ / ٢٠٢٢

حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان
دەرچوو
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

٦- لەکاتی هەبوونی ئۆتۆمبێل، ئامێری تۆمارکراو یان موڵکی نەگوازراوە ( خانوو، زەوی، دوکان،شوقە ...هتد) دەبێت بەر لە هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو خاوەندارێەکەی بگوازرێتەوە بۆ ڕێکخراوێکی هاوپێشە لە هەرێمی کوردستان، ئەمەش بە ئاگاداربوونی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و بە هەمان مەرجەکانی خاڵی پێنجەم.

٧- پێویستە لەسەر کەسی ڕاسپێردراو (ڕێگاپێدراو) بە ئەنجامدانی مامەڵەی هەڵوەشاندنەوەی ئارەزوومەندانە بەڵێننامەیەکی یاسایی لە بەڕێودەرایەتی یاسایی پڕبکاتەوە تیایدا بەڵێن بدات کە ڕێکخراوەکەیان هیچ کێشەیەکی یاسایی نیە و بە ئارەزومەندانە هەڵیدەوەشێنینەوە بە پێچەوانەوە بەرپرس دەبێت بەرامبەر بە یاسا.

لەگەڵ ڕێزدا...

بارزان ئەکرەم مەنتک
سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان
٢٠٢٢ /٤/١١

وێنەیەک بۆ:

- نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە. لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوبەرایەتی کارگێڕی، بۆزانین، لەگەڵ ڕێزدا.
- بەشی ئەرشیف ..دۆسیەی ڕێکخراو.. بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا.